نێچیری هەفتە 20-4-2005

- شۆڕشی نێرگزی حکومەتی گەندەڵی قیرغیزستانی ڕامالّی , هەرچەندە عەسکەر عەکایف نیوەی هاوشێوەکانی کوردستانی گەندەڵ نەبوو. شۆڕشی پەمبەییش سەری شیفەر نادزەی خوارد کە ئێستا پارەی ئاوو کارەبای مالّەکەی خۆی پیّ نادرێت , بەلاّم دەسەلاّتدارانی کوردستان ئاوو کارەبای نەك شاری سەرکردایەتییەکانی خۆیان , بەلّکە هەموو ئاسیا لایان وەك کڕینی دوو پیلی لایت وایە, باسی ڕاپەڕینی پرتەقالّی ئۆکراین لەبەر بێکاتی هەر ناکەم . خوایە دەبێت ئێمەی کورد شانسمان لە چ ڕەنگێکدا بێت ؟؟, هەرچەندە لەمەش دەردمان گرانەو پێویستمان بە دوو ڕەنگە!! .

- بڕیار وایە بەرپرسانی داهاتوی عێراق هەر یەکەیان بەرازیمەیەك بۆ دیاریکردنی سەروەت و سامانیان پڕ بکەنەوە , نازانم بەرپرسانی کورد لیستی سامانی مەنقولە و غەیرە مەنقولەیان نەك لە ئیستمارەیەك بەلّکە لە لۆرییەکیشدا جێگەی دەبێتەوە یا نا ؟؟؟ , دەترسم لەبەر گەورەیی قەبارەی فایلی سەروەتییان , بۆ گواستنەوەیان پێویست بکات چاوەڕوانی گەیشتنی هێڵی شەمەندەفەری کوردستان بکەن .

لە هەولێر **3500** شوقەی سەکەنی دروست دەکرێت , گوایە زیاتر لە **200000** داواکاری هەیە , نازانم ڕێك هەولێر چەند خێزانی تێدایە , بەلاّم ئەوەندە دەزانم هەموو خێزانەکانی پارێزگای هەولێر بەقەزاو ناحێکانیشەوە سەرو عەرزوحالّییان پێشکەش کردبێت , هێشتا ئەو ژمارەیە قچێکی زیادە , تەنانەت بەوانەشەوە چەند جار زەوییان وەرگرتووە , یاخود ئەو مردووانەی بۆ دەنگدان و بایەعی هێشتا لە ژیاندان و دلّیان نایات لەبەر سۆزی کوردایەتییان لەسەر زەوی بەجێمان بهێلّن , دیارە وەزارەتی پلاندانان لە ماتماتیکدا لاوازن .

ـ داهاتی بۆش به ژنەکەشییەوە لەمسەر بۆ ئەوسەری ساڵی **2004** گەیشتە **672788**
ۆلار , کە ناکاتە تەنها سەدا یەکی ئەوەی سەرکردەکانی کورد مانگانە بە دیاری بە
یوەخانەکانی ئەو پاشماوەی دەرەبەگایەتییەی دەدەن بۆ خۆیان هەزاران قوربانییان لە
ێناو ڕیشەکێشکردنی داوە , ئیتر شورەییە ئەوەندە داهاتی کەسایەتی خۆیان بێت ,
ەوەش نازانم منالّە هەرزەکارەکانییان بەو خەرجییە کەمە ڕازی دەبن یان نا . هاوکات بوش
یمپراتۆری جیهان پارساڵ **207307** دۆلار باجی داوە بە دەوڵەت , قوڕ بەسەرمان کێ
ەوێرێت کاغەزێك بە سەرکردەیەکی کورد مۆربکات بۆ یادگاری ئیتر نەك داوای باج و
ەکاتییان لێبکرێت !!.

برادەرێك لەگەڵ بەرپرسێکی حیزبی قسەی کردبوو بۆ ئەوەی مانگانەی خانەنشینی بۆ منالّە هەتیووەکان موحان ببڕنەوە, ئەو شۆفێرە عەرەبەی کە بووە قوربانی ئاشکرا کردنی تاوانەکانی ئەنفال , کەچی برادەرە حزبییەکە لە وەڵامدا ووتبوی : ئاخر لە ئەنفالدا بەشداریکردووە چۆن مانگانەی بۆ ببڕینەوە . باشە گییانە ئەوەندە لە کونییە دەپرسنەوە ئەی ئەو مەلەفدارانەی خۆتان بۆ وا بە تیژی سەرەکەون لۆ بان , خۆ بەچاو تروکانێك دەگەنە لوتکەی ئێڤەرێست ؟.

سیاسەتمەدارێکی دیپلۆمات لە ئەنقەرەوە دەنوسێت : هەموو تورکییا لەسەر سەرۆك مام جەلالییان نوسی تەنها ئاپۆ نەبێت . ئێ گییانەئەگەر دەتوانیت نەك بەردان تەنها موهاجەیەك بۆ پارێزەرەکانی وەرگرە با ئەویش قسەیەکی لەسەر بکات , هەرچەندە دەزانم بۆ گەرم کردنی شوێن ئەم ووتانە پێویستن , ئافەریم خوییەك گرترا بە شیری تەرك ناکرێت بە پیری .